vic roads



# بەڵگەی پێناس

## بەڵگەنامەکانی بەڵگەی پێناس

ئێوە دەبێت لە کاتی هێنانە ئارای داواکاریی لە VicRoads دا (بۆ نموونە بۆ تۆمارکردنی ئامێرێکی هاتوچۆ یان وەرگرتنی بڕوانامەی خۆتان) بەڵگەی پێناسی خۆتان پێشکەش بکەن. بە بێ بەڵگەنامەی شیاو ئێوە ناتوانن داواکاریەکەی خۆتان پڕ بکەنەوە. حەتمەن بپرسن کە بە وردی چ بەڵگەیەکی پێناس دەبێت لە کاتی رزێرڤی کاتێکی چاوپێکەوتندا لەگەڵتان هەبێت.

پێشکەشکردنی زانیاریی یان بەڵگەنامەی هەڵە و/یان بە لارێدابەر تاوانێکی گرنگە و دەتوانێت ببێتە هۆی تاوان سەندن لە ئێوە یان کەوتنە بەندیخانە.

## من پێویستم بە چ جۆرە بەڵگەنامەیەکی پێناس هەیە؟

بۆ هەر داواکاریەک ئێوە دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە پێشکەش بکەن:

- بەڵگەنامەیەکی پلەی A (ڕیزبەندی خوارەوە چاولێکەن)

**و**

- بەڵگەنامەیەکی پلەی B (ڕیزبەندی لاپەڕەی دواتر چاولێکەن)

لانیکەم یەکێک لەم بەڵگەنامانە دەبێت بریتی بێت لە ناونیشانی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێوە لە ویلایەتی ڤیکتۆریا. ئەگەر وەها نەبێت ئێوە پێویستتان بە بەڵگەنامەی زیاتر دەبێت.

## بەڵگەنامەکانی پێناسی قبووڵکراو

بەڵگەنامەکانی پێناس دەبێت سەرەکی (ئەسڵ) بن. کۆپییەکان قبووڵ ناکرێن. بەڵگەنامەکانی بە زمانی جگە لە ئینگلیزی دەبێت لەگەڵ وەرگێردراوەی پەسەندکراو بن. داواکارانی خاوەن بەڵگەنامەکانی بە زمانی بیانی دەبێت ئەوانە بە تێچوونی خۆیان وەربگێڕنەوە سەر زمانی ئینگلیزی.

وەرگێردراوەی بەڵگەنامەکان بە زمانی بیانی دەبێت لەلایەن یەکێک لەو سەرچاوانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

- وەرگێرێکی بڕواداری NAATI (لە هەر ئاستێکدا)، یان
- قونسوڵخانەیەکی پێوەندیدار لە ئوسترالیا، یان
- وەرگێردراوەیەکی فەرمی لە وڵاتی سەرەکی

## بەڵگەنامەکانی پلەی A

- پاسپۆرتی ئوسترالیایی (بڕوادار یان ڕێکەوت بەسەرچوو لە دوو ساڵی رابردوودا).
- پاسپۆرتی بیانی (ئەگەر ئێوە بتوانن بەڵگەنامەی ئوسترالیایی شیاو پێشاندەری بەڵگەنامەی بەهێزی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی، وەک ڤیزای دایمی یان نیشتەجێ بوون پێشکەش بکەن، پاسپۆرتی بیانی کە کەمتر لە دوو ساڵ لە بەسەرچوونی تێپەڕیبێت قبووڵ دەکرێت).
- ناسنامەی ئوسترالیایی یان تۆماری گۆڕانی ناوی دەرچوو لە فەرمانگەی تۆمارکردنی لەدایکبوون، تیاچوون و هاوسەرگیریی. کورتەی ڕاپۆرتی لەدایکبوون و بەڵگەی یادی لەدایکبوونی قبووڵ ناکرێت.
- بەڵگەی پێناسی دەرچوو لەلایەن فەرمانگەی پاسپۆرت (بە شێوەی ئاسایی بۆ ڕێبوارانی دوورگەی نۆرفۆلک (Norfolk) دەردەچێت).
- کارتی پێناسی وێنەداری ئەفسەری هێزی پۆلیسی ئوسترالیا (جگە لە کارگێرانی ناچەکدار)
- کارتی پێناسی وێنەداری قونسوولخانەیی دەرچوو لەلایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوە و بازرگانی.
- بەڵگەنامەی قبووڵکردنی بوون بە هاووڵاتی یان هاووڵاتییەتی ئوسترالیا، یان بەڵگەیەک بۆ سەفەر بۆ ئوسترالیا یان Visa Evidence Cardی دەرچوو لە وەزارەتی کۆچبەریی و هاووڵاتییەتی یان فەرمانگەی پاسپۆرت.
- بەڵگەنامە یان مۆڵەتی وێنەداری ئوسترالیایی (بەڵگەنامەیەکی وێنەدار واتە هەر بڕوانامەیەکی لێخوڕینی وێنەداری ئوسترالیایی یان مۆڵەتی ژێر فێرکاریی وێنەدار کە بڕوادار بێت یان پتر لە دوو ساڵ لە بەسەرچوونی تێنەپەڕێت، یان مۆڵەتی هەڵسووڕێنەری بەلەم لە ویلایەتی ڤیکتۆریا یان مۆڵەتی هەڵگرتنی چەکی گەرم لە ویلایەتی ڤیکتۆریا کە بڕوادار بێت یان پتر لە دوو ساڵ لە بەسەرچوونی تێنەپەڕێت).
- کارتی وێنەداری NSW (دەرچوو لە NSW RTA پاش 14ی دیسامبەری 2005).

**یان**

- وێنەی ئێستاکە لەلایەن VicRoads.

## بەڵگەنامەکانی پلەی B

یەکێک لەو بەڵگەنامانەی خوارەوە:

- کارتی Medicare
- کارتی داشکاندنی وەرگرانی مووچە (Pensioner Concession card)
- کارتی فەرمانگەی کاروباری سەربازانی پێشوو
- کارتی خاوەن ماف بوونی دەرچوو لەلایەن هاوبەرژەوەندەوە
- کارتی پێناسی خوێندکاریی
- کارتی بروواداری یان کارتی ئەژمێر لە بەنک، ئەنجومەنی بیناکردنەوە یان یەکیەتی بروادارییی
- کارتی پێناسی وێنەداری کارمەندی حکومەتی ویلایەتی یان فیدرال
- کارتی پەسەندی تەمەن، کارتی Keypass
- کارتی پێناسی وێنەداری هێزی بەرگری ئوستراليا (جگە لە کارگێرانی ناچەکدار)

### یان

یەکێک لەو بەڵگەنامانەی خوارەوە کە بروادارە یان پتر لە ساڵێک لە دەرچوونی تێناپەرێت:

- لێنووسی ئەژمێر یان ریزبەندی ئەژمێری بەنک
- پسوولەی تەلەفون، گاز یان کارەبا

### یان

یەکێک لە بەڵگەنامەکانی خوارەوە کە بروادارە یان پتر لە دوو ساڵ لە دەرچوونی تێناپەرێت:

- کارتی ناونووسی لە هەڵبژاردنەکاندا
- بەڵگەنامەکانی بەربوون لە هێزە چەکدارەکان
- کارتی سەلماندنی تەمەنی بروادار دەرچوو لەلایەن کاروباری بەکارهێنەرانی ڤیکتۆريا
- کارتی پێناسی وێنەداری بروانامەی لێخوڕینی بروادار لە ڤیکتۆريا
- نرخەکانی ئاو
- نرخەکانی ئەنجومەن
- ئاگاداری هەڵسەنگاندنی زەوی

## بەڵگەکانی نیشتەجێ بوون لە ویلایەتی ڤیکتۆريا

ئەگەر ناونیشانی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئێوە لە ویلایەتی ڤیکتۆريا لە بەڵگەکانی پلەی A یان B پیشان **نەدراوە** یان **جیاوازە** پێویستتان بە یەکێک لەو بەڵگانەی خوارەوە هەیە:

- گرێبەستی فرۆتن، کرێ، یان بەڵگەنامەی کرێ کە بریتی بێت لە ناونیشانی ئێستاکەی ئێوە.
- ئاگادارکردنەوەی تازەکردنەوەی بروادار بۆ بروانامەی لێخوڕینی ماشین یان ژمارەکردنی ئوتومبیل.
- هەڵسەنگاندنی فەرمانگەی باجی ئوسترالیا (ساڵی دارایی رابردوو یان ئێستا).

ئەگەر ئێوە هێشتاش ناتوانن بەڵگەکانی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆتان لە ویلایەتی ڤیکتۆريا پێشکەش بکەن، دەبێت راگەیندراوێکی کارناسی دامەزراوی دادگا پێشکەش بکەن کە دەبێت:

- لەلایەن خاوەنێکی بروانامەی لێخوڕین لە ویلایەتی ڤیکتۆريا کە بۆ ماوەی 12 مانگ یان زیاتر ئێوە دەناسێت واژۆ کرابێت، و
- بریتی بێت لە ناو و ناونیشانی ئێوە، و
- ناو، ژمارەی بروانامە و واژۆی کارناسی دامەزراوی دادگا

ئەم راگەیندراوە لەسەر فۆرمی داواکاریی بروانامە پێشکەش دەکرێت و دەبێت وەکو بەشێک لە رەوتی داواکاریی پڕ بکرێتەوە.

## بەڵگەکانی گۆڕانی ناو

ئەگەر ناوی ئێوە لە بەڵگەنامەکانی پلەی A یا B **جیاوازە**، پێویستتان بە یەکێک لەو بەڵگانەی خوارەوە هەیە:

- بەڵگەنامەی هاوسەریتی دەرچوو لەلایەن فەرمانگەی تۆمارکردنی لەدایکبوون، تیاچوون و هاوسەریتی لە ئوسترالیا
- بەڵگەکانی تەڵاق (پیشاندەری ناوێ کە ئاماژەی پێکراوە)
- قەواڵەی گۆڕانی ناو (دەرچووی پێش نۆڤەمبەری ساڵی 1986 لە ویلایەتی ڤیکتۆريا)
- بەڵگەی گۆڕانی ناو (دەرچووی پاش نۆڤەمبەری ساڵی 1986 لە ویلایەتی ڤیکتۆريا)

بۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زیاتر سەردانی **vicroads.vic.gov.au** بکەن یان بە ژمارەی **13 11 71** پەیوەندی بکەن یان سەردانی ناوەندیی خزمەتگوزاریی مشتەری VicRoads بکەن.

زانیارییە پێشکەشکراوەکانی ناو ئەم پەڕەیە لە کاتی چاپدا راستن و رەنگە لە داهاتوودا بگۆڕدرێن.

VRPIN02900 Evidence of Identity – Kurdish Authorised by VicRoads, 60 Denmark Street, Kew, 3101

State Government Victoria

vicroads

keeping victorians connected